# ئایا شەڕ دژی ئێران دەستیپێکردوە

**تالیب خدر**



هەرلەدوای ١١ ی سێپتەمبەر سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بووش لەچەند چاوپێکەوتنێکدا بانگەشەی لەناوبردنی تیرۆریستانو ئەوانەشی کرد کەپشتگیریان دەکەن،چونکە هەروەکو ئاماژەی پێکرد هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوانیاندا. ئەمەش پێویستی بەوەبوو کەوا تیرۆریستانو ئەوانەی کەپشتگیریان دەکەن دەستنیشان بکرێن. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ڕیکخراوو حزبو کۆمەڵە خرانە ناو لیستی تیرۆریستانەوە کەیەکیك لەوانە (حزب الله) ی لوبنانی بوو کەڕاستەوخۆو بەشێوەیەکی ئاشکرا لەلایەن ئێرانەوە پشتگیری دەکرێت. ئەمە جگە لەچەندین کۆمەڵەوڕیکخراوی دی کەبەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پشتگیریان دەکات. تاکە شتێ کە جێگای تێڕامانە نەبوونی پێناسەیەکی جێگرە بۆئەوانەی کەبەتیرۆریست لەقەڵەم دەدرێن . ئایا تیرۆریست ئەوکەسەیە یان ئەوڕێکخراوەیە کەدژی بەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاوایە یان نا ؟ ئەمەیان باخوێنەر خۆی بڕیاری خۆی بدات کێ تیرۆریستەو کێ نا! عێراق یەکێك بوو لەو وڵاتانەی کەبەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ یارمەتی ئەوانەی دەدا کەخرابوونە نا ولیستی تیرۆریستانەوە لەدوای ئەفغانستانو ئێران من نامەوێ زیاتر باسی عێراقو ئەفغانستان بکەم تەنها ئەوە نەبێ کە سەرکەوتن بەسەر ئەم دوو وڵاتەدا ئاسانتربوو لەوانی دی. ئێستا دەبینین عێراق بەدەست کۆمەڵێك کیشەوە دەناڵێنێت کەبەهۆی داگیرکاریەوە تووشی بووەو ناوبەناو دەنگۆی ئەوە هەیە کەوا ئەمریکا لەگەڵ ئیسرائیل یان ئیسرائیل بەتەنها نیازی هێرشی سەربازیان هەیە دژی ئێران. بەڵام کەیو چۆن؟ئەوەیان پاپەندە بەکاتەوە مەبەستیشم ئەوەیە کە بڵێم جەنگەکە دەستی پێکردووە بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێت لەقۆناغی نهێنی دایە واتە هەنگاوە سەراتاییەکانی دەستپێکردنی جەنگ بەرەوتەواوبوون چوون کەبریتین لەکۆکردنەوەی هێز، هاندانی ڕای گشتیو نێودەوڵەتی دژی ئێران، خستنەسەری ئابلۆقە لەزۆربەی بوارەکانداو وردە وردە قورسکردنی ئابلۆقەکە، یارمەتیدانی ئۆپۆزسیۆن، ناوبەناویش دەنگۆی ئەوە هەیە کەوا کۆماندۆکانی ئەمریکا چەندین چالاکی یان لەناو خاکی ئێراندا ئەنجامداوە. ئەگەر ئەمانەش ئاماژەنەبن بۆجەنگ ئەوا ڕەشکردنەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشە بەگووتەی سەرۆکی ئێران محمود ئەحمەدی نەژاد لەکاتێکداکە ئێران نەبۆتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، یارمەتی دانی چەکدارانی ناوعیراقو بەم دووایانەش ئەفغانستان هاندانیان دژی هاوپەیمانان، درێژەدان بەپیتاندنی یۆرانیۆم بەبێ گوێدانە ڕای جیهانی، گوێ نەدان بەوئابلۆقەیەی کەخراوەتە سەری چەند هۆکارێکن کە دەکرێت شێوەی لەناوبردن یان گۆڕینی ڕژێم یان لەسەر بنیات بنرێت. بەپێی چەند ڕیپۆرتاژێك کەلەئەمریکا کراوە دەرکەوتووە کە زۆرینەی ئەمریکیەکان جەختیان کردووە لەسەر ئەوەی کە ئێران نەك تەنها هەوڵ بۆدروستکردنی چەکی ئەتۆمی دەدات بەڵکو بەکاریشی دەهێنێت لەدژیان. لێرەوە دەبینین کەوا ئیدارەی ئەمریکا دڵنایە لەپشتگیری ئێران بۆ تیرۆریستانو لەوەش زیاتر ئەمریکا دڵنیایە کە خەڵکی ئێران دەیانەوێت ڕژێمەکەیان بگۆڕێتو تینوی دیموکراسین بەڵام کام جۆری دیموکراسی؟ ئەوەشیان لێگەڕێن بائێرانیەکان خۆیان بڕیاری لەسەر بدەن. ئێرانیەکان شارستانەتێکی دێرینیان هەیە کەنایانەوێ دەستبەرداری بن لەپێناوی دیموکراسیدا جگە لەوەش زۆرینەی خەڵکی ئێران بەزۆرینەی ئۆپۆزسیۆنیشەوە لەگەڵ پیتاندنی یۆرانیۆم دان لەژێر چاودێری ئاژانسی نێودەوڵەتیدا چونکە هەموو دەوڵەتێك مافی پیتاندنی یورانیۆمی هەیە، ئێرانیش وڵاتێکی گەورەیەو پێویستی زۆری بەکارەباهەیە. ئەوەی زیاتر ئەمریکاو جیهان نیگەران دەکات ئەوەیە کە ڕژێمێك ساڕوخ بدات بە(حزب الله)چۆن ڕێگابدرێت سبەینێ ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی!ئایا ئێران دەستبەرداری پرۆژە ئەتۆمیەکەی دەبێت هەروەك چۆن کۆریای باکورو لیبیا کردیان لەکاتێکدا کۆریای باکور چەکی ئەتۆمیشی بەرهەمهێنابوو و تاقیشی کردەوە ئەمە لەکاتێکدا کەمەزندە دەکرێت ئێران بەلایەنی کەمەوە زیاتر لەساڵێکی پێویستە بۆ دەستخستنی چەکی ئەتۆمی! ئەمریکاو جیهان سورن لەسەر ئەوەی کەنابێ ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمیو ئێرانیش سورە لەسەر ئەوەی کەبۆ مەبەستی ئاشتی بەکاری دەهێنێت. ئەگەر پیتاندنی یۆرانیۆم بۆمەبەستی ئاشتی بەکار بهێنێت بۆچی بەتەواوی یارمەتی پشکنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتی نادات؟شتێکی دیکەش هەیە کەنابێ بیرمان بچێت ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر ئێران بوو بەخاوەنی چەکی ئەتۆمی بەکاری دێنێت یان تەنها بۆپاراستنو فراوانکردنی هەیمەنەی خۆی بۆ ئەوەی گوێی لێ بگیریت دەیەوێت چەکی ئەتۆمی بەرهەم بهێنێت. ئەگەر بڵێین بەڵێ بەکاری دەهێنێت ئەی بۆچەکی کیمیایی دژی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی سەددام بەکارنەهێنا؟ هەروەك ئاشکرایە ئێران زیاتر لە ٢٥ ساڵە خاوەنی چەکی کیمیاییە بۆتائێستا نەی داوەبەتیرۆریستان؟گومانی تێدانیە کە ئەمڕۆ ڕژێمی ئێران گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی جیهانو لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا مەترسیەکانی زیاتر دەبنو توانای ڕووبەڕووبونەوەی زیاتریشی پێویست دەبێت، گومانیش لەوە نیە کە ئەمریکا بەدوای ئاسانترینو سەلامەتترین ڕێگادا دەگەڕێت بۆ لەناو بردنی ڕژێمێکی توندڕەوی وەکو ئێران کە یارمەتی تیرۆرستان دەدات، هەڕەشە لە ئیسرائیل دەکات، دەیەوێت ئاسایشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست تێکبدات، دیموکراسی لە عێراق ئیفلیج بکاتو هەوڵی فراوانکردنی هەیمەنەی شیعە دەدات لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. کاربەدەستە باڵاکانی ئەمریکا بە ئاشکرا ئاماژە بەوە دەکەن کە بەهیچ شێوەیەك ڕازی نین ڕژێمی ئێران تەکنەلۆژیای هەبێت هەتا ئەگەر بۆ مەبەستی ئاشتیش بەکاری بێنێت چونکە ڕژێمێکە ناکۆکە لەگەڵ بنەما نێودەوڵەتیەکانو بنەماکانی دیموکراسیدا کە مەرجی مانەوەو پێشکەوتنن لەهەر وڵاتێکدا. ئاشکرایە کە ئەمریکا دەیەوێ نەك تەکنەلۆژیای ئەتۆمی ئێران بەڵکو دەیەوێ ڕژێمەکەشی لەناو ببات چونکە ڕژێمێکە نەك ئەمریکا بەڵکو جیهانیشی نیگەران کردووە. ڕژێمی ئێران ئامادە نیە بەمەرجی پێشوەخت گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا بکات ئەمەش گەورەترین ڕێگرە لەبەردەم گەیشتن بەچارەسەر لە ڕێگای دیبلۆماسیەوە. لێرەوە دەگەمە ئەو ڕایەی کە ئەگەر ڕژێمی ئێران بەتەواوی ئەو ئاماژانەی سەرەوە هەزم نەکات کەمن دڵنیام هەزمی ناکات ئەوا بەکارهێنانی هێز کە دوا ئیختیارە لای ئەمریکیەکان دەبێتە کارێکی حەتمی بەڵام کەیو چۆن ئەوەیان کات بڕیاری لەسەر دەدات.

## هاوڕێ باخەوان:

# خۆم گوێم لێبووە لەناو پاسۆکدا گوتراوە ئەوەی بە نان بڵێت خوبز بیکوژە



سازدانی: هەڵۆ مەرگەیی

* چۆن خۆیمان پێدەناسێنیو باس لەمنداڵیو ژیانی تایبەتی خۆی دەکات؟.

هاوڕێ باخەوان: لە ڕۆژێکی ساردو بەفراویی وەك ٢٨ فێبریوەریی ١٩٦٦ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایکبووە. زۆر بەمنداڵی خراومەتە بەر خوێندنو تەنانەت پێنج ساڵانیشم تەواو نەکردبوو! هەربۆیە کاتێك چوومە موسڵ بۆ خوێندنی زانکۆ هێشتا هەر هەڤدە ساڵ دەبووم!. من زۆر منداڵ بووم کە دایکم تووشی نەخۆشییەکی گران بوو ناچار بوو بۆ ماوەی دوو ساڵێك لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی بەغدا بکەوێت. هەربۆیە بەو ڕووداوە زۆر شیرازەی خێزانیی ئێمە تێکچوو خۆمو خوشكو براکانی ترم لە ماڵی باپیرمو پوورم داڵدەدراینو بۆ ماوەی چەند ساڵێك ئەوەی کە پێی دەگووترێت خێزان تیاماندا بەدی نەدەکرا. ئەو ڕووداوەو ئەو چەند ساڵە هەردەم لە خولیامدایەو هێزکاری زۆریشی کردووەتە سەر بیرکردنەوەو دانانی کەسایەتیم. بەڵام پاشتر خۆشبەختانە دایکم بەرەو باشترچوو وردە وردە ئێمەش جارێکی تر خێزانەکەمان دامەزرایەوە. خوێندنی سەرەتاییو دوواناوەندیی ڕشتەی وێژەییم لە سلێمانی تەواوکردووەو گەر بمەوێت دەربارەی ئەو ساڵانەم بنووسم کاتو کاری زۆری دەوێتو خوێنەرانی بەڕێزتان بەوانەوە خەریك ناکەمو ئێستاش باوی نووسینی درێژ نەماوەو خوێنەر کاتی ئەوەی نییە. هەرچۆنێك بێت بەهۆی ئەوەی کە پلەیەکی باشم لە ڕشتەی وێژەییدا بەدەستهێنا، لە کۆلیژی یاسای زانکۆی موسڵ وەرگیرامو بە شەش ساڵ کۆلیژم تەواوکردو لەسەر کاغەز بوومە پارێزەر!. دەڵێم بەشەش ساڵ چونکە دوو ساڵی خوێندنم بەتەڕنی بەشدارینەکردنم لە ڕاهێنانی هاوینەی قادسیەی عروبەدا فەوتا.

* ئاشنا بوونی هاوڕێ باخەوان بە دونیای سیاسەتو حزبایەتی بۆکەی دەگەڕێتەوەو سەرەتای ئینتیماو پێشمەرگایەتی چۆن دەستپێکردووە؟.

هاوڕێ باخەوان:من هەر لە پۆلی شەشی سەرەتاییمەوە دەستم کردووەتە خوێندنەوەو زۆر حەزم لە نووسینی هەڵبەست کردووەو هەر لەو کاتەشەوە دەستم کردووەتە هەڵبەست نووسین، بەڵام بەهۆی سووتانی خانووەکەمانەوە دەفتەری هەڵبەستەکەم سووتاوەو ئەگەرچی ئەوکات زۆر زۆرم پێناخۆش بوو، بەڵام ئیدی بڕای بڕ بەلای هەڵبەستدا نەڕۆیشتمەوە تا ساڵی پار کە باوکم کۆچی دووایی کرد ئەم دوو دێڕەم بۆی نووسیو ئێستا لەسەر کێلەکەی نووسراوە:

لە شادی و ناشادیدا، بیرت دەکەین
**لە هەرکاتو هەرجێیەك بین، بیرت دەکەین**
**هەر بەبیرو بازووی تۆ بوو وا گەورە بووین**
**دڵنیابە ئێمەش هەردەم وەك تۆ دەکەین**

**دیارە ئەو دێڕانە جگە لەدەربڕینی کوڵو کۆڤانی خۆم بەرامبەر بە ڕەوانشادی باوکم هیچی تر نینو ناکرێت پێیان بگووترێت هەڵبەست. لەهەنگاوی دووناوەندیمدا زۆر بەچڕی دەستم کردە خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەی مێژووییو سیاسیو هەر ئەو خوێندنەوانەشم بوو کەتێکەڵاوی سیاسەتی کردم، پاشتر لە موسڵ کەوتمە خوێندنەوەیەکی چڕتری مێژوو سیاسەت بەڵام ئەمجارەیان بەزمانی عارەبیو ساڵی ١٩٨٥ بەشێوەیەکی فەرمی پەیوەندیم کرد بە پاسۆکەوە. گووتم بەفەرمی ئەگینا من چ وەك هاوڕێیەتیو چ وەك پەیوەندیی خێزانی کەسێکی نزیکی پاسۆكو بیری پاسۆك بووم. دەربارەی هەڵبژاردنی پاسۆك هەر دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەکانی ئەو کاتەم کە نەتەوەییانە بیرم دەکردەوە، ئەویش زۆرتر سەرئەنجامی خوێندنەوەکانم بوو لە بیری مارکسیو ئیسلامیداو بیری نەتەوەییم لە هەردووکیان پێ باشترو لۆژیکییانەتر بوو و ئێستاش هەرهەمان بیرم هەیە. ساڵی ١٩٨٦ کە لە خوێندنی زانکۆ دەرکرام ماوەیەکی گەلێك ناخۆش بوو بۆ منو کارکردنیشم لە ڕێکخستندا پێ کارێکی خاوو بێهودە بوو، هەربۆیە لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٧ بوومە پێشمەرگەی پاسۆكو بەهۆیەوە باشتر لە سیاسەتو هەڵسوکەوتی حیزبەکان گەیشتم..**

* بە پێی زانیاری ئێمە بەڕێزتان کادیرێکی سەربازیو سیاسی دیاری ناو (پاسۆک)بوون کە دواتر لەناو حزبی یەکگرتندا توایەوە، ئایا هیچ پرۆژەیەکتان هەیە بۆ زیندووکردنەوەی ئەو حزبە لە ئێستادا؟.

هاوڕێ باخەوان: من لە ژیانمدا فیشەکێکم نەتەقاندووە تاوەکو پێم بگووترێت کادێرێکی سەربازی! بەڵام ساڵی ١٩٨٧ کە بوومە پێشمەرگە کاك ئازاد مستەفای سکرتێری ئەوکاتی پاسۆك منو هاوبیرێکی

تر بەناوی سەلاح عەبدول (سەرکۆ)ی وەك دوو کادێری پێشکەووی حیزب ناوزەد کردو من لە کەرتی ڕاگەیاندندا کارم دەکردو ئەویش لە ڕێکخستن. منو سەرکۆ هەر لەسەر کارەکانی خۆمانماینەوە تاوەکو لە کۆتایی ئەو ساڵەدا بەهۆی کێشەیەکی ناوخۆیی پاسۆکەوە کە لێرەدا جێی باسکردنی نییە بەخشکەیی خۆمان کردەوە بەشاردا!. پاش ڕاپەڕین هەمان منو سەرکۆ پێکەوە تێهەڵچووینەوە، بەڵام من پێش ئەوەی پاسۆك لە یەکگرتندا بتوێتەوە، خۆشبەختانە کەنارگیریی تەواوەتیی خۆمم لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩١دا ڕاگەیاندو بەشداریی ئەو گەمەی یەکگرتنو کڕینو فرۆشتنەم نەکرد!وتاوەکو ئێستا نەچوومەتەوە بەلای حیزبایەتیدا. پرۆژەی من بۆ زیندووکردنەوەی پارتێکی نەتەوەیی زۆرتر ئەو کتێبەمە کە ساڵی ١٩٩٤ لە هەندەران لەچاپمداو لە هەولێریش لەلایەن ڕۆژنامەی میدیاوە دووبارە لەچاپدرایەوە. من زۆرینەی هێڵە گشتییەکانی خۆمم دەربارەی زیندووکردنەوە یان دامەزراندنی پارتێکی نەتەوەیی لەو نووسینەدا خستووەتەڕوو. بەڵام دیارە لێرەو لەوێ لەگەڵ کۆنە هاوبیرانمدا هەوڵمان هەر هەبووە، بەڵام هەموویان نەزۆك بوونو ئەویش پەیوەندیی بەخودی ژیرێتیی خۆمانەوە هەیە وەك کوردو پاشان ئێمەی نەتەوەیی کە بەداخەوە خراپترینمان خۆی بە هەڵبژاردە - نوخبە دەزانێت بەبێ ئەوەی هیچی واهیمان لەباردا ببێت.

* لە دیدارێکی گۆڤاری(زنار) لەگەڵ (ڕێبین هەردی) دەڵێت (لەهەندێ بۆچوونی کادیرەکانی پاسۆک دا بیری نەتەوەیی لە بیری فاشی نزیک دەبۆوە) ئێوە چۆن لەو قسەیە دەڕوانن، پێتان وایە لەو سەردەمی عەولەمەو گفتوگۆو کرانەوەو نەمانی سنوور لە نێوان نەتەوەکاندا حزبێک بتوانێ بەم جۆرە بیرو بۆچوونە جێگای خۆی بکاتەوە؟.

ئەو کاك ڕێبین هەردییە لە ساڵی ١٩٨٧دا بۆماوەیەکی کورت پێکەوە پێشمەرگەی پاسۆك بووینو هەر لەو کاتەوە نەمدیوەتەوە. من خۆم گوێم لێبووە لەناو پاسۆکدا وتراوە ئەوەی بە نان بڵێت خوبز بیکوژە! دیارە ئەمە ئەوپەڕی دوواکەوتوویی و ڕەگەزپەرستییە. بەڵام هەرچۆنێك بێت بیری پاسۆك خۆی بیرێکی فاشی نەبووە، چونکە بیر کاتێك دەبێتە فاشی کە نەتەوەیەکی سەردەستو حکومەتێکی بەدەستەڵات نوێنەرایەتیی بکات. دیارە نە کورد ڕۆژێك لە ڕۆژان نەتەوەیەکی سەردەست بووەو نە بەمزووانەش حکومەتێکی بەدەستەڵاتی دەبێت. ناشبێت قسەو ڕەفتاری پێشمەرگەیەك یان کادرێك یان تەنانەت ئەندامێکی نەزانی سەرکردایەتیی پاسۆك بکرێتە ماڵ بەسەر بیری نەتەوەییەوە. وابزانم کاك ڕێبین باش تێمدەگات!. نەشمبیستووە پاسۆك ئەو کات کەسێکی لەسەر ئەوە کوشتبێت کە عەرەب یان فارس یان تورك بووە. بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەت دەڵێم ئێمە زۆر دواکەوتووین، ئێمە مێژوو جێی هێشتووینو پێگەیشتنەوەی یان ئەستەمە یان مەگەر لۆتۆمان بۆدەربچێت!. دیارە منیش لەگەڵتدام ئەوە زۆرگرانەو عەولەمەو تەکنەلۆژیای نوێ بیری نەتەوەییی بەبارێکی تردابردووە بەتایبەتی لەلایەن کورد خۆیەوە، چونکە ناتوانم بەخۆمان بڵێم نەتەوە، ئەگەر نەتەوە بووینایە ئێستا ژێردەستەی ئەو عەرەبانە نەدەبووین کە ڕۆژانە دەیان کەس بەدڕندانەترین شێوە لەیەکدی دەکوژن. لەمبارەیەوە کۆمەڵێك نووسینو ڕاوبۆچوونم کۆکردووەتەوە و بەنیازم وەك کتێبێك بڵاویبکەمەوە.

* زۆرێک لە ڕۆشنبیرە نەتەوەییەکان (کاژیک نامە) بە فەلسەفەی بیری نەتەوایەتی دەزانن، لە هەمان کاتیشدا رایەکی پێچەوانە هەیە، ئێوە چی دەڵێن؟.

بەر لەهەر شتێك کاژیکنامە منی نەکردووەتە نەتەوەیی، کاژیکنامە نە فەلسەفەیەو نە نووسینێکی بیریی بەهێز. ئەم خوێندنەوەیەم لەوانەیە کەمێك جیاوازتربێت لەوانی پێشووم. کاژیکنامە بریتییە لە ڕاپۆرتێك کە لەلایەن چەند کەسانێکی جیاوازەوە نووسراوەو لەسەدا نەوەدیشی دژایەتیی شیوعییەکانە. بەڵام هەرچۆنێك بێت ناکرێت ڕۆڵی ئەم نووسینە فەرامۆش بکرێت. من جارێکی تر کاژیکنامەم تایپکردووەتەوەو خەریکی کۆکردنەوەی تەواوی ئەدەبیاتی کاژیکمو بەهیوام بەم نزیکانە چاپو بڵاویبکەمەوە ئەگەر بهێڵن!.

* بەلای ئێوەوە گرنگی (کاژیک نامە) لە چیدایە؟.

کاژیکنامە گرنگە. چونکە بزوێنەری خودی کاژیك بووەو کاژیکیش وەك یەکەمین ڕێکخراوی نەتەوەیی هێزکارێکی کەمی هەر هەبووەو هەر ئەویش بووە کە بووەتە یەکێك لە هۆیە گرنگەکانی دامەزراندنی پاسۆك لە ساڵی ١٩٧٥دا. ئەوەی لە گرنگی کاژیکنامە کەمدەکاتەوە، تەماشاکردنییەتی وەکو قورئان لەلایەن کۆنە کاژیکەکانەوە، هەربۆیە هیچ هەوڵێکی باشترکردنو بەرەوپێشخستنو پووختەکردنی نەدراوە. هەر بیرێکیش خزمەتی نەکرێت دیارە پێش ناکەوێتو وەك بیرێکی دۆگمایی دەمێنێتەوەو دەچێتە مۆزەخانەی بیرەکانەوە. ئەم کاژیکنامەیە وای بەسەرهات تەنانەت دانەیەکیشی بۆ دەرمان دەستنەدەکەوت. لەم دوادواییەدا بەهۆی ئنتەرنێتو تەکنەلۆژیای نوێوە سەرلەنوێ بڵاومانکردەوە. لەوەدا هاوبیرم بەختیاری شەمەیی ئەرکی زۆری کێشا بۆ سکێنکردنی هەردوو کاژیکنامە عەرەبیو کوردییەکەو بڵاوکردنەوەی لەسەر ماڵپەڕە کوردییەکان..

# ئێمە مێژوو جێی هێشتووین و پێگەیشتنەوەی یان ئەستەمە یان مەگەر لۆتۆمان بۆ دەربچێت

* تۆ لە کتێبی (ئاڵای کورد)دا دروست نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی دەگەڕێنیەوە بۆ ئاین کە هۆکارێکی سەرەکی بووە، ئەی لەو سەردەمەدا پێت وایە هۆکاری دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی تا ئێستا چیە؟ ئایا پێت وایە سەرکردەیەکی کاریزمایی لەناو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا هەڵکەوێ ئەو خەونە بکات بە واقیع؟.

هاوڕێ باخەوان:ئێستا کاتو سەردەمێکی ترە، کورد بەهۆی ئایینەوە هیچی پێنەکراو پێشی ناکرێت، چونکە کورد خاوەنی ئایینێك نییە کە لەخزمەتی بیری نەتەوەیی کوردیدا بێت. باوی سەرکردەی کاریزمایش نەماوەو زۆر لەو سەرکردانەمان لەمێژووەکەماندا بینیوەو زۆریان گەورەترین تێکشکانیان بەسەر بزووتنەوەکەماندا هێناوە. من پێم وایە کورد دەبێت ببێتە نەتەوە پاشان خەونەکەی دەبێتە ڕاستینە. یەکێك لە پایە گرنگەکانی نەتەوە، بەرژەوەندیی هاوبەشە کە بەدرێژایی مێژوو لە ناو کوردا نەبووە. کورد بریتی بووە لە کۆمەڵێك میرنشین. یان سۆران بووە یان ئەردەڵانو یان بۆتان. لەلایەکی ترەوە یان جاف بووە یان زێبارو بارزان. ئێستاش کورد نییە بەڵکو پارتییە، یەکێتییەو پێکاکایەو زۆری ترە. ئێمە دەبێت ببینە کورد! ببینە نەتەوە! ئینجا خەونمان دەبێتە ڕاستی. ئەم بابەتی نانەتەوەییە بەدرێژی لەو کتێبەدا باسی دەکەم کە پێشتر ئاماژەم پێی کرد.

* بۆچارەسەری دۆزی کورد زۆر کەس پێی وایە پێویستە هەر پارچەیەی بە گوێرەی واقیعو بارودۆخی سیاسی ئەوێ چارەسەر بکرێت، بەواتای پارچە پارچەکردنێکی

# کورد بەهۆی ئاینەوە هیچی پێنەکراو پێشی ناکرێت، چونکە کورد خاوەنی ئاینێك نییە کە لەخزمەتی بیری نەتەوەیی کوردیدا بێت



دیکەی مەسەلەیەک کەلەهەموو کاتێک زیاتر پێویستی بەیەکدەنگیو کۆدەنگی هەیە، ئێوە لەو بارەیەوە راتان چیە؟.

هاوڕێ باخەوان: کوردستانی گەورە ئەو خەیاڵە نییە کە سەرۆك کۆماری داگیرکەری ئێراق پێیوایە. ئەمە دەکرێت لەداهاتوودا بێتەدی. دیارە کێشەی کورد یەکێکە لە کێشە ئاڵۆزەکانی جیهانو چارەسەری بەو ئاسانییە نییەو منیش پێم وایە کە دەبێت کورد لە هەرپارچەیەك ستراتیژێکی تایبەت بەخۆیی ببێت، بەمەرجێك زیان بە بەشەکانی تر نەگەیەنێتو ستراتیژی نزیكو دووری یەك کوردستان بێتو نابێت بەخەیاڵ ناوزەد بکرێت. هەروەها تێگەیشتنی بەرژەوەندییە هەرێمی نێودەوڵەتییەکانیش لەبەرچاوبگرێت.

* ئێوە وەکو یاساناسێکو ئەندامێکی دادگای لاهای، دادگایی کردنی سەرانی عێراق بەرامبەر بە تاوانی جینۆسایدکردنی کورد لە دۆسیەی ئەنفالدا چۆن دەبینن، ئایا لە سێدارەدانی سەدام لەکاریگەری ئەو دۆسیەیەی کەمنەکردەوە بە تایبەتی ناساندنی ئەم پرۆسەیە وەکو تاوانی جینۆساید؟.

هاوڕێ باخەوان: من یاساناسم بەڵێ، بەڵام ئەندامی دادگای لاهای نیم! من یەکێکم لەو هەزار ستافەی دادگای یۆگۆسلاڤیای نێودەوڵەتی لەلاهای. لێرە ئەندامی دادگاش بەو شێوەیەی لای شێوازی یاسای داگیرکەری ئێراقی نییەو سیستمەکە زۆر جیاوازە!. دادگاییکردنی سەدامو دارودەستەکەی وەك ئەوە نەبوو کە چاوەڕوانی بووم! بەتایبەتی من لێرە دەزانم کە تاوانبارانی جەنگی جینۆساید چۆن دادگایی دەکرێن. پێشتر لە هەفتەنامەی میدیادا باسێکی تاڕادەیەك درێژم لەسەر دادگای لاهای نووسیوەو تێیدا بەراوردیشم کردووە لەگەڵ ئەوەی سەدامدا. نامەوێ دیسان دووبارەیان بکەمەوە بەڵام ئەوە دەڵێم دادگاییەکەی سەدام بریتی بوو لە یاریەکی نەگریس تاوەکو ئەو دەستانە هەڵنەماڵرێن کە ئەو جەنگانەیان بەسەدامی تاوانبار هەڵگیرساندو ئەو جۆرە چەکانەیان دایە!. نەمانی سەدامو بەردەوامنەبوونی لەدادگایی ئەنفالدا زیانێکی گەورە بوو بە ناساندنی پرۆسەی ئەنفال وەکو ژینۆساید. بەداخەوە دەبووایە سەرانی کورد باشتر لەم مەسەلەیەدا توند بوونایە. بەڵام ئەوەی من بزانم ئەوانیش هەر وەکو منو تۆ ئاگایان لە لەسێدارەدانەکەی بووە. ئائەمەیە زیانی نەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەش لەناو گروپێکی ئەتنیکیدا کەبەخۆی دەڵێت نەتەوە!.

* پرۆژەی هاوڕێنامە لەلایەک پێشوازیەکی باشی لێکراو لەلایەکی دیکەشەوە دژایەتی دەکرا، ئایا لەبەرنامەتاندا هەیە درێژەی پێبدەن؟.

هاوڕێ باخەوان: سوپاس بۆ ئەوانەی پێشوازییان لێی کردو سوپاسی زۆرتریش بۆ ئەوانەی دژایەتییانکرد. ئەگەر ئەوانە دژایەتییان نەکردایە بەوشێوەیە دەنگی نەدەدایەوەو خەڵك بەدووی نەدەکەوت، تاوەکو بزانن ئەوانەی کە دژایەتیی دەکەن چ نامەیەکی کاریان لە ناو هاوڕێنامەدا هەیە. ئەو کاتەی هاوڕێنامە دەرچوو وەك لە زۆر لاوە بیستمەوە هەرچی لێپرسراوان هەبوون سەرودانەیان چنگ خستووە بۆئەوەی بزانن چ شتێکی خراپی ئەوانی تێدایە. هەرئەوەش هۆیەکەی بوو کە هەندێك لێپرسراو هاوڕێنامەی پێ قووت نەچوو بڕیاری کۆکردنەوەیاندا لە کتێبخانەکانداو مەگەر هەر خۆیان بزانن چییان لێکرد. هاوڕێنامە ئێستا دووهەندە زۆرتری ئەوەی ئەوسایەو تاساڵی ٢٠٠٥ رووداوی نوێم کۆکردووەتەوەو کۆنەکانیشم دەست پێداهێناوەو پوختەمکردووەو ئێستا ئامادەی چاپەو نزیکەی هەزارو دووسەد لاپەڕەی خورشیدییە.

⋆ وەکو ئاگادارن سەرباری هەموو ئەو بەربەستانەی لەبەردەم ئازادی رادەبڕینو رۆژنامەگەریدا لە باشووری کوردستان هەیە، بەڵام چەندین گەنجی بەهەڵوێستو خاوەن خامە بە چەند پرۆژەیەکەوە لەهەوڵی بەردەوامدان، ئێوە ئایندەی رۆژنامەگەری لەم بەشەی کوردستاندا چۆن دەبینن؟.

هاوڕێ باخەوان: ئەوەی من بینیبێتمو هەستم پێکردبێت لە کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێراق، ئازادیی رۆژنامەگەریو رادەربڕین نییە! زۆرینەی هەرە زۆری بڵاوکراوەکان یان پارتین یان یەکێتی. بەڵام پێویستە گەنجە بەهەڵوێستو خاوەن خامەکان زۆرتر خۆیان ماندوو بکەن تاوەکو ئایندەی رۆژنامەگەری لەو بەشەی وڵاتدا بەرەو باشتر بچێت. زۆر گرنگە هەر شتێك دەنووسن پشت ئەستووری بکەن بەبەڵگەو سەرچاوەو ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی سەردەم بن. من سەرباری ئەو هەموو سانسۆرەی هەردوولا بەڵام گەشبینم بە ئایندەی رۆژنامەگەریو هیوادارم ئەوانیش کە دەڵێن "هەرێم"ی کوردستان تاکە هەرێمی دیموکراتییە لە خۆرهەڵاتی ناویندا!، هەستیش بەوەبکەن کە نەهێڵانی سانسۆر بەشێکە لە دیموکراتی.

* ماوەیەک لەو سنوورە( بیتوێن - پشدەر) بەرپرسیاریەتی پێشمەرگایەتیتان هەبووە، چ بیرەوەریو یادگاریەکت هەیە؟.

هاوڕێ باخەوان: من هەموو ساڵی ١٩٩١ لە ناوچەکانی رەواندز، دیاناو شەقڵاوا بووم. جارجارێکیش سەردانی بیتوێن-پشدەرم دەکرد بۆلای هاوبیرانم کە ئەوکات کاك ئومێدی مەلا بەکر لە رانیە بوو. ئەو ماوەیە زۆر شت فێربوومو خەڵکی زۆر باشم ناسیو تا ئێستاش پەیوەندیم لەگەڵ هەندێکیاندا هەرماوە. کەمجار روویداوە هاتبێتمەوە کوردستانو سەردانی ئەوانەم نەکردبێت، بەتایبەتی هاوبیری زۆر خۆشەویستم کاك شێخمحەمەدی باڵەك کە هەموو جارێك بەمیواندریی دەوڵەمەندی لە باڵەکایەتی قەرزاربارم دەکات. خۆزگە لە ژیاندا تووشی ئەم تاڕاوگەیە نەدەبوومو لە کەچە خانوویەکی ناو رەواندز یان گوندی وەڵزێی باڵەکایەتی دوور لە کێشە و سەرەقاڵێی ژیانی قەرەباڵخ و دووبارەی ئێرە بژیامایە.. سوپاسو سەرکەوتنو بەردەوامی بۆ گۆڤاری زناری خۆشەویست.

# قەیرانەکانی دەسەڵاتو گرینگی ئەڵتەرناتیڤ

سەلاح محەمەد شێخە

لە هەر وڵاتێکدا کە دەسەڵاتی سیاسی سەرکەوتو نەبوو لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا، یان دەبێت دەست لەکار بکێشێتەوە یان خەڵك ناچار دەبێت بیر لە ئەڵتەرناتیڤی تر بکاتەوە. لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵات لە رێگەی سندوقەکانی هەڵبژاردنەوە دەخرێتەڕوو، بەڵام لە کۆمەڵگە نادیموکراسیەکاندا خەڵك ناچارە بیر لە میکانیزمی تر بکاتەوە، گەورەترین کارەساتیش ئەوە دەبێت کە میکانیزمێکی دیاریکراو بۆ گۆڕینی دەسەڵاتو سیستەمی سیاسی دەرنەکەوێت، وەك نمونەی هەرێمی کوردستان. لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا کە دەسەڵاتی سیاسی بەهۆی ستەمو گەندەڵیەوە متمانەی جەماوەر لە دەست دەدات، خەڵك باوەڕی بەو بەرنامەو رێبازە سیاسیە نامێنێت کە دەستەبژێری سیاسی پەیڕەوی لێدەکات، بەمەش بۆشاییەکی فکریو ئایدۆلۆژی لە کۆمەڵگادا دێتە ئاراوە، کە پێویست دەکات هێزێکی سیاسی تر ئەم بۆشاییە پڕبکاتەوەو فیکرو رێبازێکی تازە بخاتە روو. بەر لەوەی باس لە نمونەی هەرێمی کوردستان بکەین، بە باشی دەزانین بە کورتی ئاماژە بە نمونەی دوو وڵاتی تر بدەین. (ئێرانی شاهنشاە، میسر).

●یەکەم/ ئێرانی شاهنشاە:- رژێمی شاهنشاهی ئێران لە ساڵانی کۆتایی فەرمانڕەواییەکەیدا کەوتە جێبەجێ کردنی سیاسەتی ریفۆرمخوازانەو کرانەوەیەکی بێ بەرنامە بەرووی جیهانی رۆژئاوادا، کە دەرەنجام قەیرانێکی گەورەی ئابوریو سیاسیو ئەخلاقی لێکەوتەوە. بەمەش دەسەڵات رەوایەتیو متمانەی لەدەست داو کەوتە بەردەم شەپۆلێکی گەورەی بێزاریو نارەزایەتی خەڵك، کە لە دەرەنجامی نەمانی باوەڕی خەڵك بە سیاسەتو رێبازی شاهنشاە، بۆشاییەکی فکریو سیاسی لە وڵاتدا دروست بوو. کە مەرجەعیەتی شیعە توانی ئەم بۆشاییە پڕبکاتەوەو لە رێگەی شۆڕشی ئیسلامیەوە کۆتایی بە دەسەڵاتی شاهنشاە بێنێت.

دووەم/ میسر:- وەك نمونەیەك لە جیهانی عەرەبی وەریدەگرین بەهۆی داتەپینی باری ئابووری وڵاتو گەندەڵی ئیداریو نایەکسانیو لە دابەشکردنی داهات لە ئاستی ناوخۆ، ناکارایی سیاسەتی حکومەت بەرامبەر بە هەژموونی ئیسرائیل لە ئاستی دەرەوەدا، خەڵك باوەڕی بە رێبازی ناسیۆنالیستانەی دەستەبژێری سیاسی کەم بووەتەوە، بەمەش بۆشاییەکی فکری لە کۆمەڵگای میسریدا دروست بووە. کە فەندەمینتالیزمی ئیسلامی (ئیخوان مسلمین) توانیویەتی تا رادەیەك ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوەو سەرکەوتوبووە لەوەی کە خەڵکێکی زۆر بە تایبەتی گەنجان لەدەوری رێبازو بانگەشەی خۆی کۆبکاتەوە.

دەسەڵاتی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا لە ماوەی ١٦ ساڵی تەمەنیدا بەداخەوە سەرکەوتو نەبووە لە بەدامەزراویکردنی دامو دەزگاکانی حکومەتو بە سەرووەریکردنی



یاسادا. نەك هەر ئەمە بەڵکو لە ئاستی ناوخۆدا گەندەڵیو فەسادی ئیداری بە رێژەیەکی فراوان بڵاوبۆتەوە. بەجۆرێك خەڵك ئەو باوەڕەی لا دروستبووە کە دەسەڵات گەیشتووەتە خاڵی نەگەڕانەوە (نقطة لاعودة)، واتە خەریکە بێ ئومێد دەبێت لەچارەسەربوونی گەندەڵیو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، لە راستیدا بەهۆی هەڵەکانی دەسەڵاتەوە خەریکە خەڵك باوەڕی بە پیرۆزی نیشتیمانو کوردبون لاواز دەبێت، لە راستیدا دەسەڵاتی سیاسی هەرێم هەم خۆی هەم کۆمەڵگای دووچاری چەندین قەیران کردووە، کە پێویستە بەزوویی بیر لە چارەسەرکردنیان بکرێتەوە،لێرەدا بەگرنگی دەزانم بە کورتی ئاماژەیان پێبدەم

قەیرانەکانی دەسەڵات:-

دەسەڵاتی سیاسی دووچاری قەیرانی کەم بوونی متمانە بووەتەوە لە دەرەنجامی بێ تواناییو خراپەکاریو گەندەڵی هەندێك بەرپرسانی وڵات.

گەندەڵبوونی حکومەت لە بوارەکانی ئیداریو سیاسیو یاساییەوە.

دابڕانی دەسەڵاتو سەرکردایەتی سیاسی کورد لە جەماوەر.

کەم توانایی زۆر لە بەرپرسان لە بەڕێوەبردنێکی سەرکەوتوانەی کاروباری ئیدارات.

بەرزبوونەوەی ئاستی نارەزاییو بێزاری خەڵك بەرامبەر بە دەسەڵاتو بەرپرسان.

قەیرانەکانی کۆمەڵگا:-

داتەپینو خراپبوونی باری ئابوریو گوزەرانی خەڵك.

تێکشکانی کەسیەتی کوردی بە گشتیو لاوان بەتایبەتی، بەهۆی خراپی گوزەرانو بێکاریو هەستکردن بە نامۆییو نەبوونی تەنیایی دەروونی.

کاڵبوونەوەی هەستی نەتەوایەتیو وڵاتپارێزی لەلایەن خەڵکەوە، لە دەرەنجامی هەڵەو کەمو کوڕیەکانی دەسەڵاتداران.

تەشەنەسەندنی باری بێ ئومێدیو رەشبینی لەلایەن خەڵکەوە بەرامبەر بە ئایندەی وڵاتو چارەنوسی دۆزی نەتەوەیی.

سەرهەڵدانی قەیرانی پێناسە لەلایەن تاکی کوردیەوە، لە نێوان ئینتیماکانی (کوردبوون، عێراقی بوون، ئیسلامی بوون).

لە راستیدا دروست نەبوونی هێزێکی ئەڵتەرناتیڤ بۆ دەسەڵات جێگەی پرسیارو تێرامانە، کە بۆ زانین ئەم هۆکارە پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارنەی خوارەوە بدەینەوە؛

ئایا هۆیەکە دەگەڕێتە بۆ تەمبەڵیو کەم تەرخەمی خەڵك لە بایەخدانیان بە مەسەلە سیاسیەکان؟

یان پەیوەندی بەو ئیفلاسە سیاسیەوە هەیە کە گشت رێکخراوەکانی تر دووچاری هاتوون؟

ئایا خەڵکی ئێمە هەر وەك لای بووەتە نەریت چاوەڕێی فریادرەسێکە بێت بۆ نێویانو مژدەی رۆژێکی روناکیان پێبداتو لەنێو بەرگی کاریزمێکی تازەدا رێبەرایەتیان بکات بۆ رزگاربوون لەو قەیرانو نەهامەتیانەی کە تێیکەوتوون؟

ئایا تاکو ئێستا بارودۆخو زەمینە لەبار نییە بۆ سەرهەڵدانی جولانەوەیەکی جەماوەری پێشکەوتوو بە مەبەستی هێنانەدی گۆرانکاری بنەڕەتی لە سیستەمی سیاسی وڵاتدا؟

لە کۆتاییدا دەڵێم دەرکەوتنی هێزێکی ئەڵتەرناتیڤ لە قۆناغی ئێستادا بۆیە زۆر گرنگە، چونکە هەروەك گوتم دەسەڵات بە هۆی بڵاوبونەوەی گەندەڵیو فەسادەوە گەیشتۆتە خاڵی نەگەڕانەوە (نقطة لاعودة)، ئەگەر بەزوویی هەوڵی چارەسەری نەدرێت دوورنیە جارێکیتر هەمان ئەزموونی کۆماری مەهابادو حکومەتی شێخ مەحمودو میرنشینە کوردیەکان دووبارە ببێتەوە.

# فەلسەفە

**کاوە جەلال لە ئەڵمانییەوە بۆ کوردی**

**بەشی چوارەم**

**٤- گۆڕانی مێژوویی**

مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوایی سەدەی شەشەمی پ.ز. لە گریکستانی ئەنتیکە سەرەتا دەگرێ و هەتا ئەم سەردەمە بەردەوام دەبێ. مۆرکی فەلسەفەی ڕۆژئاوایی لەوەدا دەردەکەوێ، کە فەیلەسووفان هەمیشە لە نوێوە وەڵامی نوێ لەسەر پرسیارە بناغەییە فەلسەفییەکان دەدۆزنەوە، بناغەدەڕێژن و دانوستان دەکەن. ئەمەش بێگومان تا ڕادەیەك بۆ گۆڕینی پێداویستییەکانی هەر "هۆشێکی سەردەم"یانەی سەروەر، تا ڕادەیەکی دی بۆ گۆڕانی بەردەوامی زانستەکانی دیکە، دەگەڕێتەوە. بەڵام فەلسەفە، لە دیدی زۆرینەی فەیلەسوفەکانەوە، بە دەگمەن لە مەغزای دژبێژیکردنی یان سەلماندنێکی هەمیشەیی زانیننوما فەلسەفییەکاندا "پێشدەکەوێ":

کارل یاسپەرس دەبێژێ: "... هزرینی فەلسەفی کارەکتەری پرۆسەی پێشکەوتنی نییە. بێگومان ئێمە پێش هیپۆکراتێس کەوتووین، بەڵام ئێمە بە دەگمەن پێشی پلاتۆنمان داوەتەوە".

فەیلەسوف ئەلفرید نۆرس وایتهەید مێژووی فەلسەفەی ئەورووپیی لە کاتی ئەریستۆتێلیسەوە وەك تەنها "پێرست"ێك (Footnote) بۆ فەلسەفەی پلاتۆن ڕاڤە کرد. لەبەر ئەوەی ئیدێ و تێگەیشتە فەلسەفییەکان کۆن نابن، ئەوا بۆ فەلسەفە، لەچاو سەرجەم زانستەکانی دیکەدا، لێکۆڵینەوەی مێژووەکەی خۆی واتایەکی گەورەتری هەیە - ڕابوردووی فەلسەفە هەمیشە هاوکات هەنووکەیەتی. بۆ ئەوەی بتوانرێ هەڵە ناسراوەکان دەرپەڕێنرێن، هەروەها هەندێك هزرۆکە و ڕاڤەی نوێ گۆڕان پێبدرێن و پەیوەندییان پێوە بکرێ، ئەوا شارەزاییەکی چاکی تێڕوانینە هەمەلایەنی و تێگەیشتەییەکانی مێژووی دووهەزار و پێنج سەد ساڵەی هزر لە فەلسەفەی زانستیدا پێویستن.

**ئەنتیکە**

لە جیهانی شارەدەوڵەتییانەی گریکستانی ئەنتیکەدا، بەهۆی پێشکەوتنە کولتوورییەکان و تەشەنەی پەیوەندییەوە لەتەك کولتوورەکانی دراوسێدا، ڕەخنە لە جیهانبینیی ترادیسیۆنی، کە لە لایەن ئەفسانەوە جۆرێنرا بوو، پەرەی سەند. لەنێو ئەم کەشە هۆشەکییەدا مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوایی بە پێش-سۆکراتییەکان (بەم چەشنە فەلسەفەی گریکی لە پێش یان لە سەردەمی ژیانی سۆکراتدا ناو دەنرێ) سەرەتای گرت. هزری پێش-سۆکراتییەکان، کە تەنها کەرتئاسا بە ئێمە گەیەنراوە، ڕووی دەکردە پرسیارە سروشتی-فەلسەفییەکان سەبارەت بە بناغەکانی جیهان. ئەوان بەڕێی تێکەڵێك لە مەزەنە و ڕەچاوی ئەمپیرییەوە هەوڵیان دا بۆ ئەوەی لە سروشت و ڕووداوەکانی نێوی تێبگەن. ئەوان دەیان ویست سەرجەم شتەکان بگەڕێننەوە بۆ پرنسیپێکی سەرچاوەیی (بە گریکی ئاڕشێ = arché)، ئەمەش بێگومان لە واتای "کەرەسەیەکی سەرچاوەیی"دا. هەر بەم شێوەیە یەکەم فەیلەسوفی ناسراو بە ناوی تالێسی میلەتی، ئاوی بەم "کەرەسە سەرچاوەییە" دادەنا. ئەمپیدۆکلێس گۆڕانی دا بە زانیننومای چوار کەرەسەکەی ئاو و ئاگر، ئەرد و هەوا؛ لەم ڕوانگەیەوە سەرجەم شتەکان لەم چوار کەرەسەیە پێکهاتوون. ئەم زانیننومایە هەتا سەدەی هەژدەیەم لە فەلسەفەی سروشتدا سەروەر بوو. بەڵام لەپاڵ ئەم هەوڵە بنەماییانەدا مۆدێلی دیکە بۆ ڕوونکردنەوەی جیهان هەبوون. پیتاگۆراس و فێرگەکەی ژمارەیان بە پرنسیپی دیاریکەری سەرجەم شتەکان دادەنا و بەمەیش ئەوان لەو دەمەدا یەکێك لە بنەما گرنگەکانی زانستی-سروشتیی مۆدێرنیان دانا. هێراکلیت ی ئێفەزۆسی دەنگی دەنا بە "ئاراییی" و "لەناوچوون"دا؛ ئەم لۆگۆسی وەك بناغەی ڕوودانگە دەبینی - لۆگۆس وەك پرنسیپێك، کە یەکایەتی لە نێوان "نەسازییەکان"دا دەهێنێتە گۆڕێ. فەلسەفەکەی پارمێنیدێس، کە بە پێچەوانەی هێراکلیتەوە لەناونەچوونی بوونی وەك یەکایەتی وەردەگرت، بە سەرەتای ئۆنتۆلۆژی دادەنرێ.

سۆفیستەکان، کە لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی پێش زایینىدا دەرکەوتن، مرۆڤیان هێنایە نێوەندی تێڕوانینی فەلسەفییەوە (پرۆتاگۆراس دەیگوت: "مرۆڤ پێوەری سەجەم شتەکانە"). سۆفیستەکان بە تایبەتی لەتەك کێشە ئێتیکی و سیاسیەکاندا خەریك دەبوون، بۆ نمونە لەتەك ئەو پرسیارەدا، کە داخۆ نۆرم و بەهاکان لە سروشتەوە درا بن یان لە لایەن مرۆڤەوە چەسپێنرابن. سۆکراتی ئەسینایی بوو بە نموونەیەکی ڕێنیشاندەر بۆ فەلسەفەی ئەورووپی. مێتۆدەکەی ئەم بریتی بوو لە "مێئیۆتیك" (هونەری مامانی). ئەم مێتۆدە خۆی لەوەدا دەبینییەوە، کە سۆکرات بە ڕواڵەت هەڵوێستێکی ساویلکانەی وەردەگرت، تاکو بەڕێی تەکنیکی پرسیاری قووڵ و ئامانجدارەوە دژبێژیی لەنێو هزری هاووتووێژکەرەکانیدا نیشان بدات و بەرەو زانینی جیاوازیان بەرێ ("پشتگیریی دەکردن لە زاییندا"). ئەم زانینانە یارمەتیی ئەو کەسانەیان دەدا تاکو دیدێکی بە فەلسەفییانە گۆڕدراو ئاڕاستەی جیهان بکەن. بەڵام بەهۆی سەربەخۆییە هۆشەکییە ئاشکراکەی سۆکراتەوە، هەروەها بەهۆی ڕەفتارە نەگونجێنراوەکەیەوە بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، تۆمەتی بێخودایی و بۆگەنکردنی لاوانی درایە پاڵ و فەرمانی کوشتنی بەسەردا درا (...). لەبەر ئەوەی سۆکرات هیچ نووسینێکی نییە، ئەوا ئەو وێنەیەی سەبارەت بە ئەو لە ئارادایە، بەتایبەتی لە لایەن پلاتۆنی شاگردییەوە دیاری کراوە. بەرهەمەکەی پلاتۆن، کە هەتا زۆرترین ڕادە لە فۆرمی دیالۆگدا دانراوە، دەرچۆیەکی سەنترالی بۆ فەلسەفەی ڕۆژئاوایی پێکدەهێنێ. پلاتۆن لە پرسیاری ئەمە-چییە-ی سۆکراتییەوە ("ڕەوشت چییە؟ دادپەروەری چییە؟ چاکە چییە؟") دەردەچوو و لێرەشەوە بنەماکانی زانیننومایەکی پێناسەی هێنایە گۆڕێ. جگە لەمە پلاتۆن گۆڕانی دا بە "زانیننومای ئیدێکان"، بناغەی ئەم زانیننومایەش بریتی بوو لە پێشبینییەك سەبارەت بە ڕوودانگەیەکی دووبەش بوو: بەرانبەر ئۆبژێکتی شتەکی، کە بە ئۆرگانە زێنزییەکان شیاوی پێرسەپتکردنە، لە کایەی ئیدێکاندا تەنها پێگونجاوە گشتییە ئەبستراکتکراوەکەی هەیە و تەنها زەین دەتوانێ لێی تێبگات. زانینی ئەم ئیدێیانە، بە بڕوای پلاتۆن، دەبێ بە پاڵهێزی تێگەیشتنێکی قووڵتر ڕۆچووی سەرجەم ڕوودانگە. شاگردەکەی پلاتۆن، ئەریستۆتێلیس، زانیننومای ئیدێکانی پلاتۆنی ڕەفز کرد و ناوی نا "جووتەنیکردنی (ناپێویستی) جیهان". ئیدێ لە ڕوانگەی ئەریستۆتێلیس جەوهەری شتێك پێکناهێنێ و وەك جەوهەر بەپاڵ شتەکەوە بۆ خۆی هەبێ؛ ئیدێ بریتییە لەو "فۆرم"ـە، کە لەنێو شتەکەدا هەیە. فێرگەکەی ئەریستۆتێلیس سەرەتای گرت بۆ ئەوە، کە سەرجەم ڕوودانگەی شیاوی ئەزموونکردن (سروشت و کۆمەڵگا) لە کایەی جیاوازی زانیندا پۆلێن و شرۆڤە بکات و زانستییانە ڕێکبخات. جگە لەمە ئەریستۆتێلیس لۆجیکی کلاسیکی (سیلۆگیستێك)، هەروەها سیستەماتیکی زانست و تیۆریی زانستی بناغە ڕشت، لێرەشدا تێگەیشتی فەلسەفییانەی بناغەیی ئەوتۆی هێنایە نێوانەوە، کە هەتا نوێکات وەك پێوەر مانەوە. لە پەڕینەوەدا لە سەدەی چوارەم بۆ سەدەی سێیەمی پ.ز.، سەردەمی هێلێنیزم لە ئەسینا، دوو فێرگەی دیکەی فەلسەفی سەریان هەڵدا، کە بە پێچەوانەی

ئەكادیمیای پلاتۆنی و پێریپاتۆسی ئەریستۆتێلی، لە نێوەندی تەقەلاکانیاندا دەنگ دەنرا بە ساغیی دەروونی کەسی تاکدا: فەلسەفە بۆ ئەپیکور و لایەنگرەکانی لە لایەك و بۆ ستۆئاییەکانی دەوری زێنۆن ی کیسیۆنی لە لایەکی دی بەتایبەتی لە خزمەتی ئەوەدا بوو، کە یاریدەی مرۆڤ بدات بە دەسوێژە ئێتیکییەکان، ئەمەش سەرباری رووداوە دەرەکییە ناخۆشەکان، بە ساغی یان لەخۆدائارامیی دەروونی بگات. ئەپیکور بۆ گەیشتن بەم مەبەستە نوێنەرایەتیی ژیانێکی چێژمەندی ئەوتۆی دەکرد، کە بەپڕی دامەزرا بێ و بەچاکی پێورا بێ، بەڵام هاوکات خۆی لە هەموو چالاکییەکی سیاسی بەدوور گرتبێ. هەروەها ستۆئاییەکانیش تەقەلایان بۆ ئارامیی دەروون دەدا؛ ئەمان دەیان گوت، مرۆڤ پێویستە سەرباری هەموو سەغڵەتە دەرەکی و ناخەکییەکان لەخۆدائارامی نەدۆڕێنێ، بەڵام تەنها کاتێك مرۆڤ دەتوانێ لەم دۆخەدا بژی، گەر بەتایبەتی کۆنترۆڵی سۆزەکانی بکات، ئەمەش بێگومان، پەیوەست بە هەڵوێستێکی بناغەیی ئەرێدەری مەسیبەتەوە، گونجێنراو لەتەك رێکخراوی گەردووندا؛ بەڵام مرۆڤ هاوکات پێویستە لەم هەڵوێستەیدا ئاگامەند بێ لە پابەندبوونی خۆی بە هاومرۆڤان و کۆمەڵەوە. ئەم زانیننومایە درەنگتر پەڕییەوە بۆ نێوەندە رابەرەکانی کۆماری رۆمی. کاتێك لایەنگرانی گومانگەرایی پێرڕۆنی نکۆڵییان لە شیمانەی بڕیاری جەخت و زانینی بەدەر لە گومان دەکرد، ئەوا پلۆتین بە پێچەوانەوە لە سەدەی سێیەمدا گۆڕانکاریی لە زانیننومای ئیدێکانی پلاتۆندا کرد (پلاتۆنیزمی نوێی دامەزراند). تیۆرییەکەی پلۆتین لەبارەی پلەداریی بوون (لە "یەك"ەوە بۆ خوارەوە هەتا ئەستوو) برێتی بوو لە فەلسەفە سەروەرەکەی کۆتایی ئەنتیکە (Spätantike)، هاوکات شیمانەی هەمەلایەنیی بۆ لێوەدەرچوون دا بە ئایینی دیانی.

## چەرخی نێڤین

فەلسەفەی چەرخی نێڤین زۆر لەسەرخۆ لە تیۆلۆژی جیابۆوە. بەڵام ئەم فەلسەفەیە سەرەڕای ئەمەش هێشتا هەر لە لایەن دامەزراو و فۆرمی ژیان و زانیننوما ئایینییەکانەوە جۆرێنرا بوو. ئەم فەلسەفەیە چ لە رووی مێتۆد و چ لە رووی ناوەرۆکییەوە پابەند بوو بە ترادیسیۆن و ئۆتۆرێتییەکانەوە. لێرەدا ئەو زانیننومایانە بناغە و قەوارەی رووتێکردنیان لەنێو کۆنتێکستی دیانیدا پێکدەهێنا، کە باوکانی کلێسە لە زانیننوماکانیاندا (پاتریستیك) هێنابوویاننە ئاراوە. بە تایبەتی تێڕوانینەکانی ئۆگوستینی هیپۆیی هەتا سەرەتای کۆتایی چەرخی نێڤین (Spätmittelalter) ئاراستەدەر بوون. مێژووی جیهان لە روانگەی ئۆگوستین



برێتی بوو لە زۆرانێکی نەبڕاوەی دەوڵەتی خراپە لە دژی دەوڵەتی چاکە. هەر بۆیە لەم روانگەیەوە کۆمەڵگە و کلێسە، تیۆلۆژی و فەلسەفە، یەکایەتییەکی ئەوتۆ پێکدەهێنن، کە ئیتر رێگە بە هیچ گومانێك لە بڕیارەکانی کلێسە نادات. بۆتیوس، کە "دوایەمین رۆمی" و "یەکەمین سکۆلایستی"یەك بوو، هەوڵەکانی چەرخی نێڤینی سەبارەت بە پلاتۆن و ئەریستۆتێلیس بۆ سینتێزێك گۆڕان پێدا، لۆجیکی چەرخی نێڤینی دامەزراند و تێگەیشتی "کەس" یان "سروشت"ی هێنایە ئاراوە، کۆتایی بە ناکۆکیی تێگەیشتەکان (یونیڤێرساڵەکان) هێنا و گۆڕانی دا بە کۆنسەپسیۆنێکی کاریگەری زانست، کە لێوەی بۆ نموونە فێرگەکەی کارتێس ئاراستەی گرت. کاتێك لە رۆژهەڵات دەوڵەتی گریکیزمانی بێزەنت بەشە گرنگەکانی زانینی ئەنتیکەی لە فەوتان پاراست، ئەوا لە "رۆژئاوای لاتینی" هەلگرتنی کەرتە پاشماوەی میراتەکەی ئەنتیکە هەتا سەرەتای کۆتایی چەرخی نێڤین بەزۆری لەنێو فێرگەی کلۆستەر و دۆمەکاندا بوو. لێرە هەتا ساڵی ١١٠٠ تەنها ژمارەیەکی کەم فەیلەسوف سەریان هەڵدا، لەنێو ئەوانەشدا ئەنزێلمی کەنتەربەری خۆی دەبینییەوە، کە "سەلماندنی خوا" ی بە شێوەیەکی فەلسەفیانەی پەتی فۆرمولە کرد و پاش خۆی کاریگەرییەکی بەردەوامی پێبڕا. لە کۆتایی سەدەی یازدەیەمەوە فەلسەفەی رۆژئاوایی پتر شکۆفەی کرد، لێرەشدا تەشەنەی بەرهەمی فەیلەسوفە ئەرەبی زمانەکان، کە خۆیشیان بە ترادیسیۆنی ئەنتیکەوە پابەند بوون، رۆڵێکی جەوهەری گێڕا. زۆر زوو "ناکۆکیی تێگەیشتەکان" بوو بە یەکێك لە تێمە سەرەکییەکانی فەلسەفەی چەرخی نێڤین. لێرەشدا کێشەکە رووی دەکردە ئەو پرسیارە، کە داخۆ تێگەیشتە گشتییەکان تەنها ئەبستراکسیۆن و کۆنڤەنسیۆنی هزری بن بۆ مەبەستی لە یەك تێگەیشتن یان ئەو تێگەیشتانە خۆیان ریالێتییەکی سەربەخۆی ئۆبژێکتیڤیان هەبێ، هەر وەك چۆن ترادیسیۆنە پلاتۆنییەکە بە زانیننومای ئیدێکانی خۆی دابوو. پەیوەست بەم کایە کێشەیەوە ژمارەیەکی زۆری هزرڤانان کەوتنە خەریکبوون لەتەك لۆجیکی زماندا؛ لێرەوە وەك سەرەنجام "گراماتیکی مەزەنەیی" هاتە گۆڕێ، کە سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان تیۆرییەکی گراماتیك و تیۆرییەکی روودانگە دەپرسێ. ژمارەیەکی فرەی فەیلەسوفان لە ناکۆکیی تێگەیشتەکاندا هەڵوێستێکی گەیەنەریان (وسیط) وەرگرت، لەوانە پێتروس ئابێلاردوس. ئەم فەیلەسوفە رۆڵێکی گرنگی لە سەرهەڵدانی مێتۆدی سکۆلایستیانەی بەرانبەردانان و پشکنینی رەخنەیانەی بۆچوونە زانیننومایییە دژبەرەکاندا گێڕا. لە سەدەی سیازدەیەمدا ژمارەیەکی فرە بەرهەمی ئەریستۆتێلیس لە وەرگێڕانی نوێدا، کە هەتا ئەو دەمە لە رۆژئاوا نەناسرابوون، شیاوی پێگەیشتن بوون؛ هاوکات نووسینی کۆمێنتاتۆرە ئەرەبی زمانەکانی ئەریستۆتێلیس هاتنە پاڵ ئەم گۆڕانە. ئەمانە هەموو بوون بە بناغەی وانەی زانکۆیی. بەتایبەتی ئەلبێرتوس ماگنوس و شاگردەکەی بەناوی تۆماسی ئەکوینی هەوڵیان دا بۆ بڵاوکردنەوەی ئەریستۆتێلیزم، کە ئیتر لە کۆتاییدا بەرانبەر پلاتۆنیزم یان ئۆگوستینیزمی هەتا ئەو دەمە باڵادەست بە فراوانی سەروەریی سەند و هەتا نێو سەرەتای نوێکات لەنێو جیهانی ئەکادیمیدا وەك جەرەیانی پێوەریانەی فەلسەفی مایەوە. تۆماسی ئەکوینی فەلسەفەی تۆمیزمی گۆڕان پێدا؛ ئەم فەلسەفەیە برێتی بوو لە هەوڵێکی بەربڵاو بۆ چێکردنی پەیوەندییەك لە نێوان فەلسەفەی ئەریستۆتێلی و زانیننوماکانی کلێسەی کاتۆلیکیدا. ئەم بنەما تیۆرییەی تۆماسی ئەکوینی سەرەتا مەحکوم کرا، بەڵام ئۆردی دۆمینیکییەکان بەزوویی وەریان گرت و سەپاندیان؛ بەرانبەر ئەمە بەتایبەتی هزرڤانانی فرانسیسکوسی،

لەوانە جۆهانس دەنس سکۆتوس، گۆڕانیان بە تیۆریی ئەلتەرناتیف بۆ تیۆرییەکەی تۆماسی ئەکوینی دا. سکۆتوس (...) ئیئتڕافی کرد بە سەربەخۆیی فەلسەفە بەرانبەر تیۆلۆژی. بۆ ئەو بابەتی مێتافیزیك برێتی نەبوو لە خوا (ئیبن روشد)، بەڵکو برێتی بوو لە بوونەوەر وەك خودی بوونەوەر (ئیبن سینا). جگە لەمە لە روانگەی سکۆتوس جیاوازی هەیە لە نێوان خوای "ئیمان پێهێنراو" و خوای "لێهزراو"ی نێو کایەی فەلسەفەدا؛ ئەم روانگەیەی سکۆتوس بوو بەهۆی مەحاڵکردنی تیۆرییە زۆرە فەلسەفییە پەتییەکانی سەلماندن، بۆ نموونە سەلماندنی نەمریی دەروون. ئەو بنەما تیۆرییانە، کە تێیاندا زانینی هۆشەکی رووی نەدەکردە گشتێتی، بەڵکو رووی دەکردە تاکێتی، بوون بەهۆی سەرهەڵدانی زانستێکی روو لە ئەزموون کردوو. لێرەدا رۆجەر بەیکن وەك رابەرێکی دیکەی هزرینی زانستی-سروشتی داوای زانستێکی ئەزموونیانەی بەم چەشنەی دەکرد؛ ئەم زانستە لە روانگەی رۆجەر بەیکن کاتێك دێتە ئاراوە، گەر مرۆڤ پشت بکاتە مەزەنە و بڕوابوون بە ئۆتۆرێتییەکان. ئامادەکەرێکی دیکەی مۆدێرنە برێتی بوو لە ویلهێلمی ئۆکهەمی، کە لە سەرەتای سەدەی چواردەیەمدا بەناوبانگترین خەباتگێڕیی سەرەتایی ناوگەرایی (نۆمینالیزم) بوو و رێگەیەکی نوێی لە فەلسەفەدا گرتە بەر ( via moderna). هەروەها مارسێلیوس ی پادوایی گۆڕانی دا بە تیۆرییەکی نوێی دەوڵەت؛ لەم تیۆرییەدا هەندێك ئیدێی گرنگ راگەیەنران، کە درەنگتر لە نوێکاتدا تەواو دەرکەوتن (پەیمانی کۆمەڵایەتی، جیاکردنەوەی کلێسە و دەوڵەت). گرنگترین نوێنەری میستیکی دیانی لە چەرخی نێڤیندا برێتی بوو لە مامۆستا ئێکهارد، کە خۆی وەك "مامۆستای ژیان" دەبینی. لە روانگەی مامۆستا ئێکهارد گەرەك بوو زانینی فەلسەفی لە بەڕێوەبردنی ژیانی خۆییدا بەگەڕ بخرێ. هەروەها نیکۆلاوس فۆن کیۆس (نیکۆلاوس کوزانوس) خۆی لەنێو ئەم ترادیسیۆنەدا دەبینییەوە. ئەم لە ساتی وەرچەرخاندا رووەو نوێکات ژمارەیەکی فرەی ئەو گۆڕانانەی دەربڕی، کە لە سەدەکانی ئایندەدا دەرکەوتن: ئیدێکانی کوزانوس، کە هەر لە مەحاڵێتیی ناسینەوەی خواوە هەتا یاسا و سنوورەکانی فیزیك یان زانین بریان دەکرد، کاریگەرییان لەسەر هزرڤانانی ئایندەی وەك ئیمانوێل کانت، ئیساك نیوتن، ئەلبێرت ئاینشتاین، نواند.

**نوێکاتی سەرەتا: فەلسەفەی رێنیسانس و نوێکت**

رێنیسانس و هومانیزم برێتین مۆرکی پەڕینەوەکەن لە چەرخی نێڤینەوە رووەو نوێکات. فەلسەفەی نوێکات لەم قۆناغەدا توانی خۆی هێدی هێدی لەپاڵ جەرەیانە فراوانەکەی سکۆلاییزمی ترادیسیۆنیدا بچەسپێنێ. بەتایبەتی فەلسەفەی سیاسی لە رێنیساندا کەوتە بزووتن: تێزەکەی نیکۆلۆ ماکیاڤێلی ئەوە بوو، کە نابێ دەسەڵاتنواندنی سیاسی لە رووی مۆڕالییەوە، بەڵکو تەنها دەبێ لە رووی کەڵکدارییەوە بنرخێنرێ. ئەم تێزە تەنانەت ئەمڕۆش کاریگەری دەنوێنێ. بەڵام تۆماس مۆروس ئاڕاستەیەکی تەواو جیاوازی گرتە بەر: مۆروس لە نووسینەکەیدا بە ناونیشانی "یوتۆپی ( Utopia, 1516) گۆڕانی دا بە دەوڵەتێك، کە تێیدا شیمانەی پەروەردە بۆ هەمووان و ئازادیی ئایین باڵادەستن، هاوکات بەدەرە لە خاوەنداریی تایبەتی، بەمەیش مۆروس پێشتر هەندێك لە ئیدێکانی مۆدێرنەی دەربڕی. کاتێك پیکۆ دێلا میراندۆلای هومانیست هەوڵی دا بۆ ئەوەی سەرجەم ترادیسیۆنە فەلسەفییەکان پێکەوە بگونجێنێ، ئەوا پیاوانی وەك یۆهانس کێپلەر، نیکۆلاوس کۆپەرنیکوس یان جۆردانۆ برونۆ لە بواری هزردا هەوڵیان دا بۆ ئەوەی فەلسەفە و زانستە سروشتییەکان پێکەوە بلکێنن. لێرەشدا پێشبینییەکانی ئەوان سەبارەت بە گەردوونبینیی هێلیۆسەنتری، پێشبینیی گەردوونێکی بێدوایەکی یان پێشبینیی ئیمانی خواگەردوون (Allgott)، لە لایەن کلێسەوە بەرهەڵستیی توند کران. جیهانبینیی زانستی-سروشتی، مێتۆدەکانی ماتماتیك و بڕوابوون بە ئەقڵ، مۆرکی فەلسەفەی نوێکات بوون لە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا. ئەم فەلسەفەیە لە تیۆریدا ئەو وەرچەرخانە سیاسیانەی فۆرمولە کرد، کە پاشان لە شۆڕشی فەرەنسیدا گەیشتنە لوتکە. فەلسەفەی ئەقڵگەرایی بۆ روونکردنەوەی جیهان "دەرەنجامی ئاقلانەی لۆجیکی" وەك بنەما دادەنێ؛ ئەمە هەروەها ئەو کارتێزیانیزمەش دەگرێتەوە، کە لە لایەن رێنێ دێکارت دامەزرێنرا. رستەکەی دێکارت، کە سەر بە ناسراوترین تێزە فەلسفییەکانە، ئەمە بوو: "من دەهزرێم، کەواتە من هەم". دێکارت باوەڕی دەکرد بە یاریدەی ئەم رستەیە توانیویەتی سەرچاوەی سەرجەم جەختییەکانی نەشیاوی گۆمانلێکردن بدۆزێتەوە. هزرڤانانی وەك سپینۆزا و لایبنیتس هەوڵە بنەماییەکەی دێکارتیان پتر لەنێو تیۆریی مێتافیزیکیانەی سیستەمدا گۆڕان پێدا (...). ئەم شێوازە هزرینە، کە برێتییە لە تیۆریی زانین، بەسەر سەرجەم کایەکانی فەلسەفەدا بەگەڕ خرا؛ لێرەدا هەوڵ دەدرا لە لێهزرینی "ئاقلانە"وە تەنانەت بنەما توخمییەکانی مۆڕالی مرۆڤ وەك دەرەنجام برێنەوە، ئەمەش کارێك بوو کە بە هەمان شێوەی سەلماندنە ئەندازەییەکان ناچارکەرە (...). لە تیۆریی ئەمپیریزمدا (فەلسەفەی ئەزموونگەرایی) تەنها ئیئتراف بەو جۆرە هیپۆتێزانە دەکرێ، کە شیاوی گەڕاندنەوەن بۆ "پێرسەپسیۆنە زێنزییەکان".



فەیلەسوفانی تایبەتمەندی ئەزموونگەرایی، لەپاڵ هەندێکی دیکەدا، برێتی بوون لە تۆماس هۆبز، جۆن لۆك، دەیڤید هیوم. پرنسیپی دەرکێشانی سەرجەم زانین لە ئەزموونە زێنزییەکانەوە، ئەمەش وەك بناغەی کارکردنی زانستی-سروشتی، هەتا هەنووکە واتایەکی باڵای هەیە. بۆ نموونە رەگی فەلسەفەی شیکاری دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ترادیسیۆنە هزرییە. بزاڤی رزگاریخوازی بۆرژوایانەی رۆشناییەکان ئەقڵی بەرزکردەوە بۆ سەر ئاستی بناغەی سەرجەم زانین و پێوەری سەرجەم کرداری مرۆڤ. بزاڤی رۆشناییەکان داوای مافەکانی مرۆڤی دەکرد و سەبارەت بە "شێوازە ژیانێکی سروشتییانەی تەزویرنەکراو" لێدەهزری؛ ئەو لایەنگری دابەشینی دەوڵەتییانەی دەسەڵات (مۆنتێسکیو) و بەتایبەتی مافی بەشداریکردنی بۆرژوازی بوو لە دەسەڵاتدا، زەمینەی تیۆرییانەش بۆ ئەمە برێتی بوو لە ئیدێی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی (بۆ نموونە لە لای ژان-ژاك روسۆ)؛ هاوکات گەرەك بوو دەستوور مافە نوێکان مسۆگەر بکات. لە کۆتاییدا ئیمانوێل کانت، کە یەکێك بوو لە فەیلەسوفە سەنترالییەکانی نوێکات، گۆڕانی دا بە "رەخنەی زانین"ەکەی؛ زۆر لە هاوچەرخانی کانت "رەخنەی زانین"یان وەك تیۆرییەکی شۆڕشگێر دەبینی. رەخنەی زانین ئەو واتایە دەگەیەنێ، کە ئێمە ناتوانین "خودی شتەکان" بناسینەوە، بەڵکو هەمیشە دیاردەکانیان، کە پێش ناسینەوەیان لە لایەن ئەو شیمانانەوە، کە زەین و زێنزەکان دەیان هێننە پێشەوە، دەفۆرمێنرێن. لەم روانگەیەوە هەمیشە هەموو زانینێك بەندە بە سەبژێکتی پێزانەرەوە (ناسەرەوەوە). هەروەها کاری دیکەی کانت (...)، بۆ نموونە سەبارەت بە ئێتیك ("ئیمپەراتیڤی کاتیگۆریانە") و ئێستێتیك، ئینجا لەبارەی مافی گەلان (لەبارەی ئاشتیی هەمیشەییەوە، ۱۹۹۵/۹٦) واتایەکی باڵایان بۆ سەدەکانی پاش خۆیان هەبوو.

ماویەتی

# بۆ ئەوەی هەناسەیەك وەك مرۆڤی ئەم سەردەمە هەڵبكێشین

**ئەرسەلان مەحمود**
Amk974@yahoo.com

تێگەیشتنێكی زۆر كرچوكاڵو هەڵەیە، وابزاندرێت، مرڤ بەتەنها بوونەوەرێكی سروشتی پوختەو ئەوەناهێنێ كە بۆی دەژێ، یان والێكبدرێتەوە كە پێویستی بەقوڵو قاڵبوونەوە هزریەكانو پەیبردنو گەڕان، بەدوای نەزاندراوەكاندا، نییەو نابێت تەقەلّلاكانی بۆ گەڕان بێت بەشوێن دۆزینەوەی وجودو ژیانێكی جاویدانی، بەڵكو سەرگەرم و تەسلیمی ئەوەبێت كە لە ئەزەلەوە لەچارەی نوسراوە، بەو پێوەرەی هەر چەشنە گۆڕانێ پێشڤەچوونێك دواجار بێ ئاكامیيەكی مرۆ نەویستی لێدەكەوێتەوە كە مەرگێ فڕینی ڕۆحی مرۆڤەكانە بەرەوئەودیووی دوای كۆتایی هێنان بە جوێكردنەوەی خێروشەڕو گەیشتن بە ڕەهابوونێ مانەوەی ئەبەدی..تێگەیشتنو خوێندنەوەیەكی ئاوا لەبنچینەدا، بۆ ڕووتكردنەوەی مرۆڤە لەوجودو لەمەزنی خۆی، بۆ پەلكێش كردنیەتی بەرەو خۆڕافاتو درێژكردنەوەی پاشماوە تەقلیدییە دەقگرتووەكان، تێگەیشتنێكە جگە لەهزر، مرۆڤەكانیش دەكوژێو دەیانكاتە بوونەوەرێكی دەستەمۆو دەیانداتە دەستی قەدەر، ئەگەرچی مەرگ تائێستاش، شتێك نییە، دیوی ئەو دیوی تاقیكرابێتەوەو تاقیبكرێتەوە، وەك ئەلبێر كامۆ دەڵێ" ئەوەی دەمرێ ئەزموونی مردنیش لەگەڵ خۆی دەبات" بەڵام دەبێ ئەوە بزانین كە هیچ كاتێك ئەوە نەزاندراوە، بۆ ئەوەناشێ، پرسیارەكان، بێ وەڵام بهێڵێتەوەو لە بۆتەی حەرامو مەحرەمكراودا، بیانكوژێت، ڕەتكردنەوەی ئەو تێگەیشتنە، بە پێداگرتنی مرۆڤ دەكرێت، لەسەر دۆزینەوەی وجودی خۆی، لەسەر پرسیاركردن، لەسەر بەردەوامبوونو گەڕان بەدوای دۆزینەوەو سڕینەوەی ئەو باس وبابەتو باوە بۆماوەییانەی لەبایەخی ئینسان كەم دەكەنەوە، مرۆڤ، بەرهەمی مرۆڤەكانو بەرهەمی ڕۆشنبیریو بەرهەمی مێژووە، لۆدفیگ فۆیەرباخ ئەوە بەباشی ڕوندەكاتەوە" مرۆڤ لە كۆشكێكدا، جیاواز لەو مرۆڤەی لەكۆلیتێكدا، دەژی، بیردەكاتەوە" ئەو پێی وایە، ئەگەر بەهەر هۆكارێك خۆراك لەجەستەدا نەما، ئەوا نە لەسەرو نە لەهەستو نە لەدڵو هزریشتدا، جۆرە خۆراكێك نامێنێ، كەواتە مەزنترین بابەتی بنچینەیی لەوجودی مرۆڤدا، بەتایبەتیش لەدنیایی ئەمڕۆدا، بریتییە لەگەشەپێدانی پەیوەندی نێوان لێكتێگەیشتنی بیركردنەوەو پرسیاركردن لەوجودو ڕوپێوكردنی ژیان، بێگومان بەهەموو ڕەهەندو پێكهاتە جۆراوجۆرەكانیەوە، بەواتایەكی دی، خۆ دەربازكردنە لە تەویلەو كۆلیتەكان..لەسەردەمە هەرەكۆنەكانەوە، لەو زەمەنەی مرۆڤ، لە ئەوپەڕی نەزانیندا، دەژیا، هەستی بەشتێكی نەمر لەجەستەی خۆیدا، كردوە، تێگەیشتووە لەو حەقیقەتەی كە لەدوای مەرگی مرۆڤ، شتێك هەیە كە لەو جیادەبێتەوە بەڵام بەنەمری دەمێنێتەوە كە ڕۆحە، مادامێكیش ئەو نەمرە، مرۆڤ هەمیشە بەزیندوێتی دەمێنێتەوە، ئەو نەمریە، واتە (ڕۆح)دوای مەرگی هەرمرۆڤێك بۆهەركوێیێك بچێت، دواجار وا لەجەستەی خودی مرۆڤ خۆیدایە، كەواتە مرۆڤ پێویستی بەهەوڵو تەقەللانواندن، لەگۆڕانەوە بۆگۆڕانێكی دیكە، لەتێگەیشتنەوە بۆ خوێندنەوەیەكی چۆنایەتیو بابەتی دی، هەیەو ژیان بۆ مرۆڤەو مرۆڤیش بۆ بەردەوامیو چالاكی نواندن، سنوربەندكردنی هۆشیاری مرۆڤ، بەهەر بڕوبیانوو یاساو ڕێسایەكی ئەزەلی یان سەپاندنی هەر جۆرە بیرو هزرێكی دی، چەپاندنی داهێنانو وەبەرهێنانە، تێكەڵاوكردنی مرۆڤە لەگەڵ مێگەل، گەڕاندنەوەیەتی بۆ چاخەسەرەتاییەكانی بەشەریەت، ئەم زیادەڕەویانە لەبیركردنەوەو ئاڕاستەكردندا كە گومانێك لەهەبوویی زۆرو زەوەندی ئەو هێزو هزرو تێگەیشتنانە، تەنانەت لەكوردەواریشدا ناكرێت، وێڕای ئەوەی مرۆڤبوون وەك ئەوەی كەدەبێ ببێو لێی چاوەڕوانبكرێت، پەك دەخات، بگرە هەزارەها نەخۆشی بۆماوەیش لەگەڵ خۆیدا، بەرەو لوتكە هەڵدەكێشێو هەوڵو تەقەللاكانی مرۆ بۆ گەیشتن بە ئاسودەیی نەزۆك دەكەنو دەبنە لەمپەر لەبەردەمیان، بۆیە هەر تاكێك وەك مرۆڤ، بیەوێت بەردەوامی هەوڵە بەرهەمدارەكانی بەرەو دنیایەكی مەزنتر لەوجودی خۆی پەلكێشو ڕازیبكات، پێویستەو دەبێت خۆی بەسروشتی خۆیەوە نەبەستێتەوەو یاخیبێت، ئەو یاخیبوونەی كە جگە لەو هیچیدی بۆ خوڵقاندنی وجودێكی كراوەو پەیبردوو بەژیان، پێگەیشتوو بەزانیاریەكان، سەركەوتوو لەوەدیهێنانی وەدینەهاتووەكان شكنابات، ئەو یاخیبوونەی لە جەوهەردا وەك بزاوتێكی خۆپەرستانە كەفوكوڵ ناكاتو پێی وایە مرۆڤی یاخیبوو، مەرج نییە هەر چەوساوەو بەشمەینەتەكان دەبێ بگرێتەوە، بەڵكوپێی وایە، لەهەر شوێنو جێگایەك بیرو هۆشی مرۆڤەكان سنوردار بكرێت، هەوێنی هۆكارگەلێكی زۆر بۆ یاخیبوون لەگۆڕێدان، بەتایبەتیش لەناو كۆی ئەو كۆمەڵگایانەی مرۆڤایەتی كە شتگەلە پیرۆزكراوەكانی تێدا ڕەگیان داكوتاوەو باڵایانكردووە، ئەو كۆمەڵگایانە، چەندە گیانی یاخیبوونیان تیادا چەپێندرابێت بەبیانوو تێگەیشتنی ئەوەی هیچ شتێك بۆپرسیاركردن نەماوەو پێشتر هەموو وەڵامەكان دراونەتەوەو بابەتێك بۆ پرسیاركردن نەماوە، بەپێچەوانەوە ڕەنگە هەڵەیەكم نەكردبێت گەر بڵێم لەهەر كۆمەڵگایەكی پێچەوانە بۆ پێكهاتە مرۆییەكان، بەرەچاوكردنو درككردنی دنیایەك هۆكارگەل یاخیبوونی مرۆڤەكان لەبارو لەسەر پێترە، چونكە ئەوە سەلمێندراوە كەهەریەكێك لەم دووتێگەیشتنە، لەم دووجیهانە غیاب بێت بەمسۆگەری ئەوەی دیكەیان جێگەی دەگرێتەوە.. ئەو ڕاستیە مێژووییەی سەرەوە بۆ مرۆڤی كورد، چونكە مێژووەكەی، كولتوری، شۆڕشەكانی، تێگەیشتنی عەقڵیەتی تاك تاكەی پێكهاتە نەتەوەییو كۆمەڵایەتیەكەی، ڕاپەڕینی، تەنانەت دەستەڵاتی خۆجێی ئەمڕۆی، ئەوانەو زۆر لایەنی دی ژیانو ژیاری تێكرا درێژكراوەی تێگەیشتنو لێكدانەوە بۆماوەییەكانو تاهەنوكەش لەسەر خەرمانی خەباتو تەقەللا تەقلیدیەكانی ڕابووردووی دەژین، بەم چەشنو لێكدانەوەیە لەگریانو پێكەنین تێگەیشتووین، ساڵ لای ئێمە هەریەك ساڵە، خاوەنی هیچ نین، بەردەوام لەجێی پەیبردن بەنەزانراوە نهێنیەكان، تائێستاش لەبەردێك دەگەڕێین سەری خۆمانی پێبشكێنین، نەئاینێكی سەربەخۆو نەك وەك خۆیشی پەیوەست بووین بە ئیسلامەوە، نەسیاسەتو فەلسەفەیەكی سەربەخۆو نەئابوورییەكی جێگیروساغڵەمو نەدەستەڵاتمان بەمانا باوەكەی هەیە، نە زمانێكی ناسراوو نەسوپایەكی یەكگرتوو نەنەخشمان لە بوارەكانی زانستو زانیاریو تەكنۆلۆژیای ئەمڕۆدا هەیە، ئایا كاتی ئەوە نەهاتووە مرۆڤی كوردیش لەخۆی بپرسێت، ئاخۆ شوێنی ئەو لەناو پێگەی مرۆڤایەتیدا، چییەو هەر بەڕاستی ئێمە هەین یان بەپێچەوانەوە، فارسینو بەكوردی دەدوێن، توركینو چەندین ملیون مرۆڤو خاكو خۆڵمان ناوەتە بەرپایان، یان كوردینو دەستمان پێ لەبرا مسڵومانە عەرەباكانمان هەڵناگیرێت، بۆ وەدەستخستنی وەڵامی ئەو پرسیارگەلە یان ئەوەتا ئەو جۆرە خوێندنەوەو تێگەیشتنانەی لە پێشەوە باسمكردن بۆهەتاهەتایە، فڕێماندەداتە، دەرەوەی مێژوو، یان دەرفەتی ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێ هەناسەیەك وەك مرۆڤ، بەڵێ وەك مرۆڤی ئەم سەردەمە هەڵبكێشین.